## چوارەم:دەق  بە  پێی ناوەڕۆك

### ١- دەقی ئامۆژگاری

ئەودەقەیە كە لەناواخنی خۆیدا ئامۆژگارییەك بۆ بەرامبەرەكەی  پێشكەش دەكات، جابەرامبەرەكە تاك بێ، یان گشتی بێ، زۆرجاریش هەیە مەبەست گشتە، بەلاَم لە ڕێگەی ڕووكردنە تاكەوە پێشكەش دەكرێ،بۆنمونە قانیع بۆ ( وریا ) ی كوڕی وبێكەس بۆ ( شێركۆ ) ی كوڕی ئامۆژگاری دەنووسن، بەلاَم  مەبەستیان هەموو گە نجان ومنداڵانی نەتەوەیە.

وشەو دەربڕینەكانی ئامۆژگاری دەبێ جوان وشیرین بن ، تائەوپەڕی سۆزاوی  بن ولەسەر بەلگەی عەقلی ونەقلی بەهێزەوە دامەزرابن...

بۆنمونە :

ڕۆژوئەرز ومانگ والەگەڕدایە

تۆش تێبکۆشە ، تاهێزت تیایە

ئینسانی ئیشکەر حەبیبی خوایە

بەکەم ڕازی بی ، زۆر لەڕێ دایە

سەری بێ ڕۆزی لەژێر خاکدایە ..... بێکەس

هەرکەس هاتە ناو کۆشی دونیاوە

کۆشکێکی بۆخۆی کرد بەسەرپاوە

کەچی لەناکاو مالئاوایی کرد

دای بە یەکی تر لەگەڵ خۆی نەبرد

کەسەکەی تریش تیا نەحەساوە

لەویش بەجێما بۆ ئەوی دواوە...... گۆڵستانی شێخی سەعدی لا١٥

## ٢- دەقی سروشتی- نیشتمانی

نیشتمان پێكدێ لەخاك وخەڵك وئاین وداب ونەریت وشارستانیەتی وڵات، نیشتمانپەروەری بریتییە لەخۆشەویستی هەموو ئەوشتانەی نیشتمان، کەهۆکاری ئارامی ودڵنەوایی و لێبڕان و بووژانەوەی هەمیشەیین، هەموو ئەوانە لەسروشتی ئینساندا هی وڵات ونیشتمانی خۆی ، لەهی هەموو شوێنەکانی دیکەدا دڵگیرتر و شیرینترە ، بۆیە هەموو کەسێك چەندەی دووربکەوێتەوە ، هەر حەزی بە گەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆی هەیە، ئەوەش خۆشەویستییە سروشتیەکەیە، هەقایەت وچیرۆك وشیعر وئەدەبیاتێکی زۆری هەر لەکۆنەوە بۆ نووسراوە.. بۆنمونە :

بۆنمونە :

خۆشم ئەوێ، خۆشم ئەوێ
ئەو نیشتومانەم خۆش ئەوێ
تا لێدانی دڵ ئەسرەوێ
هیچ لەبەر چاوم ناکەوێ
خۆشم ئەوێ ولاّتەکەم
کانگای هیواو ئاواتەکەم
ئائەم هەواو ئاووگڵە
بۆژیانم خوێنی دڵە
دڵ کەبولبولی سەرچڵە
شەیدایە بۆ ڕووی ئەوگوڵە
خۆشم ئەوێ ولاّتەکەم
کانگای هیواو ئاواتەکەم

## ٣-دەقی سیاسی- نەتەوەیی

خۆشەویستی نەتەوە، خۆشەویستییەکی سیاسییە، جیایە لەخۆشەویستی نیشتمان، کەخۆشەویستییەکی سروشتییە، خۆشەویستی نەتەوە فەلسەفەی شۆڕشی فەرەنسی بەرهەمی هێنا، لەساڵی ١٧٨٩ز وبەدواوە ، کەشۆڕشی فەرەنسی لەسەر مەبادئی نەتەوەیی سەریگرت، ئینجا لەوڵاتانی تریش کار بۆ نەتەوەپەروەری کرا، دەنا تائەو مێژووە نیشتمانپەروەری لەئارادا بوو، نەوەك نەتەوە پەروەری .

نەتەوە پەروەری واتە : خۆشەویستنی نەتەوە ، جا پێناسەی نەتەوە لەسەر هەر پرەنسیپێك دامەزرابێ، لەرۆژهەڵات ئەو پرەنسیپەی بەنەتەوە بوونە لەسەر بنەمای زمانی نەتەوەیی درووستبووە،

کەوابێ نەتەوایەتی کوردی وعەرەبی وتورکی وفارسی واتە : خۆشەویستنی هەموو ئەوانەی بەزمانی نەتەوەیی تۆ قسان دەکەن ، جا هەر ئاین و بیرێکیان هەبێ، خەڵکی هەر شوێنێکی ولاّتەکە بن ولە هەر شوێنێکی دونیاشدا بژین، مادام بەزمانی نەتەوەیی تۆ قسە دەکەن ، ئەوانە نەتەوەیی تۆنە ودەبێ خۆشت بوێن ولەگەڵیان بەبرایەتی بژی.لەلای کورداندا ئەم بیرە لەئەحمەدی خانی وحاجی قادری کۆییدا لەنێو ئەدەب هەبووە، بەلاّم لەواقیعدا چ وەلاّمێکی بەرجەستەی نەبووە، تاڵەسەدەی بیستەم ، وەکو محەمەد ئەمین زەکی ئاماژەی بۆ دەکات ، دەڵێت : ئێمە لەدەوڵەتی عوسمانی ئیسلامی لەگەڵ تورک وعەرەب وفارس وئەوانی تر لەسای برایەتی ئیسلامی پێکەوە بووین، برایانە دەژیاین،بەڵام کاتێکمان زانی :تورک گوتیان تورکایەتی ،نەك ئیسلامەتی ،عەرەب گوتیان عەرەبایەتی ،نەك ئیسلامی ،فارس گوتیان :فارسایەتی ،نەك ئیسلامەتی ئیدی هەر ئێمە ماینەوەو ئێمەش گوتمان :کوردین وکوردایەتی

## ٤-دەقی كۆمەڵایەتی

ئەودەقانەن ، کەباسێکی کۆمەڵایەتی-باسی مەبەستێك ، یان پێویستییەك ، یان کێشەیەك، یان چارەسەرییەك، یان ئاشتەواییەك، یان هەربابەتێکی دیکەی خەڵکی- کەباسی گشتی، یان تایبەتییە، دەگرنە خۆ، ئەم باسانە بەوە جیادەبنەوە، کە واقیعینە، بەزمانی ڕوون وئاسایی وبێ تەسەنووع وخۆماندووکردن پێشکەش دەکرێن بۆنمونە :

کوڕە بڕۆ لاچۆ
کوڕی مام خدری چاچۆ
ئەتۆو چیت لەمن داوە
وەك کوڕەکەی مام کاوە
چەند ساڵان بەدوام وێڵبوو
ئاخر ڕەنجەڕۆ وگێل بوو
هەمنی تاوس وەك پەری
کراس گوڵ گوڵ عەرعەری
بەژن وەك ئەسپیینداری
وەك شاکەی لەڕووباری
چەند سارە دانراوم
من لەبۆ کوڕی خاری
کورە خاری من هەیە
بەژنی وەکو شمشاری
چۆن من شوو بەتۆ بکەم؟
جالێم زوێر ببێ خاری؟ کەلە پوری کوردەواری لا٦١٥

–

-ژن و پیاو وەیەك گەر ببن رازی
هەرگیز نابینن بەردەرگای قازی
بەکەیف وخۆشی ئەژین لەناوماڵ
زۆرخۆشە تفاق ، خێزان ومنداڵ
پێکەوە ئەژین ، هەتا وەسەد ساڵ
کەیف و پێکەنین دوور لەقیل وقاڵ

ئەم هۆنراوەیە هۆنراوەیەکی هەواڵی کۆمەڵایەتیە ،باس لە چۆنیەتی پێکەوە ژیانی سەرکەوتووانەی ژن ومێرد دەکات ،بەردی بناغەی پێکەوە ژیانی خۆشیان بەوە دەست نیشان دەکات کە لەسەرەتاوە هاوسەرگیریەکەیان لەسەر لەیەك ڕازی بوون وخۆشەویستی دا بمەزرێ ،بەمە ئیدی کێشەیان نابێ وناکەونە بەردەمی دادگاکان وبە ئاسایی و ئاسوودەیی دەژین ، بە خۆشی و پیرو خەرۆ دەبن ومنداڵ و نەوەی جوان لە مالی ئارام و خۆش پەروەردە دەکەن .

## ٥-دەقی پەروەردە یی

ئەو دەقەیە، کەلەڕێگەی زمانی جوان وبەڵگەی بەهێزەوە پەروەردەی نەتەوە دەکات ، جا لەسەربنەمای تاك،یان گشتی بێ... بۆنمونە:

-عیلمی بێ عەمەل داری بێ بەرە

پیاوی خۆهەڵکێش بەڕاستی کەرە...

-ڕۆڵە پێت ئەڵێم : چاك و خۆش خوو بە
شیرین كەلام بە گەشاوە ڕوو بە
ڕووخۆش بە، چاكە لەگەڵ هەموو كەس
لەگەڵ غەریب وفەقیر وبێكەس ... مەزلوم ، لا٦٧